# سپێناخ و پاپای دەریاوان و کورد و کۆپنهاگن

**هێمن مەهدی نەقشبەندی**
heminmahdi@hotmail.com

لەمرۆژانە یادی ئەو کەسایەتیە کرایەوە، کە بۆ یەکەمینجار (پاپای دەریاوان)ی بە منداڵان و خەڵك ناساند، ئەویش( ئیلیزی سیگار)بوو. ئەم کەسە لە ساڵی 1929دا کەسایەتیەکی لەش و لار لاواز و بێهێزی لەهەموو کەسێ کردە پاڵەوانێ کە بەردەوام بەهۆی خواردنی(سپێناخ)ـەوە، ماسولکەکانی ئەستوور دەبن و بەڕاست و چەپدا دەکەوێتە وێزەی شەڕەنگێزەکان و بە سەروگوێلاکی شکاوەوە هەریەکەیان دەنێرێتە قوژبن و پەنایەك، ئیدی بەوەش هێندەی دیکە لای(ئالێڤ)ی کچە هاوەڵەکەی خۆشەویستتر دەبێ. لەم یادکردنەوەیەدا دوو دیمەنی سەرنجڕاکێشم بەدیدەکرد، یەکێکیان رووەکی(سپێناخ)ـە، کە ئیلیزی سیگار لەرێگەی پاپای دەریاوانەوە، بیرۆکەیەکی بردە مێشکی هەموو کەسێکەوە، بەوەی ئەم رووەکە بەڕاستی رێژەیەکی هێندە زۆر ئاسنی تێدایە، بەکارهێنانی وەك خواردن دەبێتە هۆی بەهێزکردنی مرۆڤ. ئەوەی سەیرە ئەم بیرۆکەیە لای پزیشکەکانیش بڵاوبۆوە و زۆر بەسانایی ئامۆژگارییان دەدایە نەخۆشە کەمخوێنەکان، رووەکی سپێناخ بخۆن. بڵاوبوونەوەی ئەم ئامۆژگارییە زاناکانی ئەڵمانیای هاندا لەپاش دە ساڵ، بەشوێن راست و دروستی بانگەشەکەی ئیلیزی و پاپایدا بگەڕێن سەبارەت بە سپێناخ، دواتر دەرکەوت کە ئەم بەهێزبوونەی پاپای تەنیا لە فیلمی کارتۆنیدایە و بەو شێوەیە نییە کە بیرۆکەکە خزێنراوەتە مێشکی خەڵکەوە، بەڵکو سپێناخ تەنیا بەرێژەی 10٪ ماددەی ئاسنی تێدایە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەم رووەکە لای کوردەواری خۆشمان، وەك یەکێ لە خواردنە بەهێزەکان تەماشا دەکرێت، هەرچەندە بەهۆی کشانەوەی کشتوکاڵ لە کۆمەڵگەکەماندا، ئەویش یەکێکە لەو بەرهەمە خۆراکیانەی لەدەرەوەی وڵاتەوە دێن، کە چاندن و بەرهەمهێنانی گەلێ ئاسانە، هێندەی ئاسانی توور و کەوەر و کەرەوز و مەعدەنووس..

دیمەنی دووەم لوتکەی(کۆپنهاگن)ـە کە هاودەمی یادکردنەوەکەی پاپای دەریاوان و سپێناخەکەیەتی، ئیدی دانیشتوانی جیهان دەرکیان بە مەترسیە گەورەکە کرد، کە چارەنووسی هەسارەکەمان لەژێر هەڕەشەدایە، بەتایبەتی دانیشتوانی بەشی سەرەوەی باکووری گۆی زەوی، رۆژ بەرۆژ ناوچەی بەستەڵەکی باکوور رووەو گەرمی دەڕوات، بەوەش شاخە بەفرینەکان وردە وردە دەتوێنەوە و ئاستی دەریا رووەو هەڵکشان دەروات، ئەوەش بۆ خۆی کارەساتە گەر بەردەوام بێت بەتایبەتی بۆ وڵاتانێکی باکووری کیشوەری ئەورووپا، زۆرێك ئەو دیمەنەیان بەکۆمیدی دەزانی کە وەزیر و بەرپرسانی وڵاتی ماڵدیڤ لەژێر ئاودا کۆبوونەوەیەکیان ئەنجام دا، لەراستیدا ئەوە پەیامێك بوو بۆ مرۆڤایەتی، کە مەترسییەکە گەیشتۆتە ئەو رادەیەی وشکاییەکان چیدیکە مرۆڤ لەخۆناگرن و ئاو جێیان دەگرێتەوە. بێگومان لەم لوتکەیەدا هەریەکە لە ئێراق و هەرێمی کوردستانیش بەشدارییان کردبوو، وەك لە ئاژانسەکاندا باسکرابوو، بەڵام هەرچیەکیان گوتبێ، چ لەو راستیە ناگۆڕێ کە ژینگەی ئێراق لە خاکێکی رەنگ قاوەیی و زەرد و بۆر و مردوو زیاتر، چیدیکەی تێدا بەدی ناکرێ، مرۆڤ لەو

وڵاتەدا هێندە لەخەمی ژیانی خۆیدایە، ئەوەندە بەتەنگ ژینگەیەکەوە نییە، ڕۆژانە بۆنی باروت و خوێنی سووتاوی پێشکەش دەکات. بۆیە بەڕاستی پێشوەخت ناتوانرێ مەزەندەی ئەوە بکرێ، کە شاندی ئێراق ئاخۆ چ حیکمەتێکی پێشکەش بە لوتکەی(کۆپنهاگن) کردبێ، هەرێمی کوردستانیش بە ئارامیەکەی خۆیەوە و بەزۆرەملێی ئەم و ئەو، تازە بەتازە ڕێژەی سەوزایی لە خاکەکەماندا دەگاتە 15٪، بێگومان گەر هەندێ فشار نەبێ، ئەو ڕێژەیە لە چەند ساڵی داهاتوودا ڕوو لە کزی دەدات، چونکە بە سەرنجدانێکی خێرا دەبینین هەرچی زەوی هەیە، دابەشدەکرێن بۆ سەر چەند دۆنمێك، ئەو چەند دۆنمەش لەلایەن کۆمەڵێ کەسی دیاریکراوەوە دەقۆزرێنەوە و شوورەی تەلبەند بەدەوریاندا دەتەنرێ، لەبەرئەوە بە سەیروسەمەرەی مەزانن گەر چەند ساڵێکیتر هیچ کەسێ نەتوانێ لە جادەی قیر لابدات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە سەدەیەکە پاپای دەریاوان لە ڕۆژاوادا ریکلام بۆ سپێناخ دەکات، بەدیوەکەیتریدا بانگەشە بۆ ڕووەك و ژینگەیەکی دروست، بەڵام وا ئەمڕۆ ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی شێلگیرانە بۆتەوە، گەرچی ڕێژەی سەوزایی لە هەندێ وڵاتیاندا گەیشتۆتە 93٪، ئەوجا بیربکەرەوە ئێمەیەك کە ڕێژەی سەوزایی لەهەندێ شارماندا ناگاتە 5٪ و سپێناخ بەر نەفرەت کەوتووە و خواردنی ئیکسپایەر و تەلاری کۆنکرێتی و دەریایەك لە ئۆتۆمبیلی باش و خراپ گەمارۆی داوین، دەبێ چ باجێکی گەورە بدەینەوە؟!